
# مەلا بەختیار
# نابێت خەڵک وا بزانێت ئازادییەکی ڕەهای هەیە لە بەرامبەر دەسەلاتدا

دیداری ئاوات عەبدوڵڵا

**دوابەدوای ڕوداوەکەی 16/3 /2006 ی هەڵە بجەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەکو حیزب و حکومەت کەوتە ژێر کۆمەڵێك پرسیاری زۆرەوە، چ لە لایەن ڕۆشنبیران و چ لە لایەن جەماوەریشەوە، بەڵام سەرکردەکانی ئەم حیزبە بڕوای تەواویان بەخۆیان هەیە کە بتوانن ئەم ئەزموونانە تێبپەڕێنن و خۆیان نوێ بکەنەوە ، لەم گۆشە نیگایەوە لڤین ئەم گفتوگۆ کراوەیەی لەگەڵ بەڕێز مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی ن ك ) بە پێویست زانی و بەڕێزیشی ڕاشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە .**



## دەبێت ڕێگەکانی ئاشتبوونەوە لەگەڵ خەڵك بدۆزینەوە

**لڤین: کاك بەختیار لەم دواییانەدا باسی ڕیفۆرم دەکرێت لەناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی دا وەکو بینیشمان لەو ماوەیەی پێشوو لەلایەن گەنجان و خەڵکی شاری هەڵە بجەوە خۆنیشاندان کرا، بەڵام بەشێوەی تەقەکردن وەڵامیئەو خەڵکە درایەوە، دەکرێت بپرسین چۆن پرۆژەی ڕیفۆرم لەگەڵ حاڵەتێکی لەم شێوەیەدا یەك دەگرێتەوە؟**

مەلا بەختیار: ڕیفۆرم لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا مەسەلەیەکی جدییە، شتێکیش نییە یەکێك داوای بکات و یەکێك ڕەفزی بکات، کۆی ئۆرگانەکانی یەکێتی لە بەڕێز مام جەلالەوە تا دەگاتە خوارەوە هەموو ماوەیەکە بە گەرمی باس لەسەر ڕیفۆرم ئەکەین، دیارە بیر و بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر چۆنێتی ڕیفۆرمەکە، کە چی بگرێتەوە و کێ بگرێتەوە، بەڵام لەسەر پرەنسیپی ڕیفۆرم هیچ ناکۆکییەك نییە، ئێستا ئیتر گەیشتۆتە قۆناغی کۆتایی ئامادەکردنی گەڵاڵەی ڕیفۆرم لەکۆی هەموو ئەو بیر و ڕایانەی


کە چ بە نووسرا و بۆ ڕیفۆرم بڵاوکراونەتەوە یان دراونەتە لیژنەی باڵای ڕیفۆرم یان ئەو کۆبوونەوانەی کە لەگەڵ هەموو ئۆرگانە حیزبییەکانی (ی ن ک) ئەنجام دراون وە بیروڕای کادرە گرنگەکانی یەکێتی وەرگیراوە، هەفتەیەک یان دوو هەفتەیتر دوا پرۆژە کە کۆبەندی پرۆژەکانی ترە بڵاودەبێتەوە و لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتی و حکومەتی کوردستاندا کاری پێدەکرێت ، سەبارەت بەوەی ئەم ڕیفۆرمە لەگەڵ ئەو ڕووداوەی لە هەڵەبجە یان لە شوێنی تر ڕوویداوە چۆن یەك دەگرێتەوە کە بە تەقە وەڵام دراوەتەوە، بێگومان کە دەڵێین ڕیفۆرم مەبەستمان ئەوەیە کە (ی ن ك)و ئۆرگانەکانی وە دەسەڵات و دەزگاکانی هەر هەمووی ئامادەکەین بۆ ئەو هەل و مەرجە نوێیەی کە ئەمڕۆ لە جیهاندا و لە ناوچەکە و لە عێراق و لە کوردستان ئێمە ڕوبەڕووی ئەبینەوە، گۆڕانکارییەکان دیارن کاریگەریشیان لەناو کۆمەڵ و تاك و کۆی کۆمەڵ دیارە، ئیتر ئەبێت دەسەڵاتی ئێمە وەحزبی ئێمە خۆی بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ئامادەبکات، دەبێت مەسەلەی ناڕەزایی، خۆنیشاندان، مانگرتن، ڕەخنەگرتن ڕای گشتی، ڕۆژنامەی بێلایەن و ئەهلی ئەمانە بە بەشێکی تەندروستی دنیای دیموکراسی بزانین وە هەوڵی دۆزینەوەی مەنتیقیترین ڕێگاکانی دیموکراسی بدەین لەناو ئەم ڕووداوانە و ئەم ئاڵ و گۆڕانەی کە ئێستا ڕوبەڕومان ئەبێتەوە.

**لڤین: لەلای زۆرێك لە گەنجان ئەو قسەیە هەیە لە دوای ئەو ڕوداوانەی کە لە شاری هەڵەبجە ڕوویدا تەقەکردن لە خەڵك و تا بووەهۆی کوژرانی ئەو خەڵکە پێیان وایە یەکێتی نیشتمانی لەم ڕووەوە جۆرێك لە پاشە کشێکردن لە دیموکراسی پێوە دیارە، ڕای جەنابتان لەم بارەیەوە چییە؟**

مەلا بەختیار: من پێموایە میللەتی ئێمە تا ئێستا بەدوو حاڵەت ڕاهاتووە حاڵەتی ژێردەستەیی زەمانی ڕژێم کە هیچ ئازادییەکی تیا نەبوو، حاڵەتی ئازادی دوای ڕاپەڕین کە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی تیا نەبوو، ئازادییەك دراوە بە ڕۆژنامە، ئازادییەك دراوە بە گۆڤار، ئازادییەك دراوە بەتاك، بەخۆپیشاندان کە دەسەڵات تا ئێستا ئاراستەکانی یان کارە سیاسییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە دیموکراسیە وەکو پێویست نەچۆتە ناو کۆمەڵی ئێمە، مادام ئێمە وڵات بەرەو وڵاتێکی دیموکراتیزەی دەستوری ئەبەین ئەبێت بزانین دەستور، بەندەکانی یاسا تیایدا ڕونن، پەرلەمان لەبەر ڕۆشنایی بەندەکانی دەستور حکومەت لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی پەرلەمان تەعامول لەگەڵ هەموو دیاردەیەك ئەکات بەپێی یاسا، یەعنی دەسەڵات ئازادییەکەی لەوێدا تەواو ئەبێت کە ئازادی خەڵك دەستپێدەکات ئازادییەکەی خەڵکیش لەوێدا تەواو ئەبێت کە ئازادی چۆنێتی پاراستنی یاساو دەستور لە وڵاتدا دێتە کایە، مانای نەئەبێت دەسەڵات وابزانێ دەسەڵاتێکی بێ سنوری هەیە لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵك لە بەرامبەر ئازادی خەڵك و لە بەرامبەر خواستە دیموکراتیەکانی خەڵك، وەنەئەبێت خەڵکیش وابزانێت دیموکراسییەت و ئازادییەکی ڕەهای هەیە لە بەرامبەر دەسەڵاتدا وەهیچ جۆرە بەربەستێکی یاسایی و هیچ جۆرە بەربەستێکی دەستوری لە بەردەمیدا نییە، ئێمە ئیتر ئەبێت ڕابێین لەسەر ئەوەی سنوری یاسا لە کوێیە وە سنوری ئازادی و ناڕەزایی دەربڕین لە کوێیە، هاوسەنگییەك، هاوتاییەك ڕابگرین لە بەینی ئەم دوکارە، کەتیایدا نەمافە دیموکراتیەکانی هاوڵاتی وەچینەکان و سەندیکاکان و ڕێکخراوەکان وحزبەکان و ڕۆژنامەکان بسوتێ، نەمافە ئازادییەکانی ئەوان بسوتێ وە نە تیاشیدا پێشێلکاری یاسا بکرێت وەکاری ئەو تۆ بکرێت بەڕاستی دام و دەزگا بدرێتە بەر پەلاماردان، توند و تیژی بگاتە لوتکەیەکی ئەوتۆ کە مەترسی گەورەی لێبکەوێتەوە.

**لڤین: پرسیارێکی تر لە بارەی گەنجانەوە، ئێستا جۆرێك لە زیزبون لە نێوان حزب و یاخود ڕاستتر بڵێم لە نێوان دەسەڵات و گەنجاندا دروستبووە وەکو دەبینین حزبە کوردستانییەکان و یەکێتیش لەناویاندا تا ئێستا پرۆژەیەکی وەهایان نەخستۆتە ڕوو بۆئەوەی کە ئەم توڕەبوونەی گەنجان یاخود با بڵێین ئەم ناڕەزاییەی گەنجان بەشێوەیەکی مەعریفیانە و مەدەنیانە وەڵام بدرێتەوە؟**

مەلا بەختیار: من پێموایە بەشێك لە لاوان، (پێموانییە بەشێکی زۆربێ)، بەشێك لە لاوانی کۆمەڵ بیر و بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە لەسەر دەسەڵات، لەسەر ڕیفۆرم،لەسەر باشکردنی گوزەران و بەدیهێنانی خەونەکانیان وە ئەمەش شتێکی زۆر سروشتییە لە ژیاندا، بەڵام ناکرێت ئەو بەشە لاوە لەناو کۆمەڵ بە نوێنەرایەتی هەموو لاوانی وڵاتی بزانیت، بەدەیان هەزار لاوی تر هەیە بەجۆرێکی تر بیر ئەکاتەوە، وەکو چۆن بەدەیان هەزار پیر هەیە لە دەسەڵاتدایە یان لە دەرەوەی دەسەڵاتدایە یان بە دەیان هەزار پیاوی کامڵ هەیە لە دەسەڵاتدایە یان لە دەرەوەی دەسەڵاتدایە ، لەناو پرۆسەی دیموکراسی یان لە دەرەوەی پرۆسەکەدایە، هەروەها بە دەیان هەزار لاویش هەیە بە شێوەی جۆراوجۆر بیر ئەکەنەوە، تۆ ناکرێت ناڕەزایی چەند شارێك وە چەند هەزار کەسێك بە زەرورەت بکەیت بە ناڕەزایی هەموو خەڵك، یانی ئەگەر مەسەلەکە خۆپیشاندانە خەڵك خۆپیشاندان ئەکات لە شارێك پێنج سەد شەش سەد گەنج



کۆ ئەبێتەوە ئەگەر مەسەلەکە خۆپیشاندان دەلیلی ناڕەزاییەکی قوڵ بێت خۆ دەشێت هەندێك ڕێکخراو سەد بەرامبەر بەوە خەڵك بێنێتە سەرجادە بڵێت من ڕازیم نەقسەی ئەوانە و نەقسەی ئەمانە، نەقسەی ئەوانە کە بڵێین وەلایی هیچ شتێك بۆ لاو نەکراوە نەقسەی ڕێکخراوێکیشە کە بڵێت هیچ شتێك نەماوە بۆمان نەکرێت، لەبەرئەوە تۆزێك دیقەت لەم کارانە بەکار بێنین باشە، وەبێین لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکان بکەین، تەعمیم نەکەین باشە ، وەکو دەسەڵات بە تایبەتی (ی ن ك)و(پ د ك) ئەبێت باش لەم حاڵەتانە بکۆڵینەوە و بزانین ئەم ناڕەزاییەی لە نێو بەشێك لە لاوان ڕەگەزەکانی لە کوێیە بیدۆزینەوە وە دەشبێت بەشێوەیەکی عەقڵانی وەکو ماڵی خۆمان وەکو ڕۆڵەی خۆمان وەکو توێژێك لەناو ئەم خەڵکە کە ڕەخنەی لە خۆمان هەیە لە دەسەڵاتمان هەیە ئەبێت قبوڵی بکەین و ڕێگاکانی ئاشت بوونەوە بدۆزینەوە ،کە ئەمەش تەنها بە دیالۆگ ئەبێت، بەچاکترکردنی گوزەرانی خەڵك ئەبێت بە هی لاوان ئەبێت وە بە دۆزینەوەی ڕێگا چارەی ئەو کێشانە کە بەڕاستی هەیە نەك شتی خەیاڵی، ئەو کێشانەی کە بەڕاستی هەیە وە ئەمڕۆ نابێت ئەو کێشانە هەبێت، ئەبێت ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بدۆزینەوە، وە ئاشتبوونەوەیەکی ڕاستگۆیانە لە بەینی عەقڵی ئەو لاوانە و عەقڵی دەسەڵاتدا بدۆزینەوە.

**لڤین: کاك بەختیار ئەگەر بە سەراحەت پێت بڵێم هێندەی ئاگاداری گەنجان و خوێندکاران بم ئەوانەی کە تێکەڵاویمان هەیە لەگەڵ یەکدا توڕەبوونێکی ئێجگار لە دەسەڵات هەیە وەکو جەنابیشت ئاماژەت بۆ کرد میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەزیەیە بەوە دەبێت کە دیالۆگیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام ئێمە دەبینین ئەم دیالۆگە لەکاتێکدا باس دەکرێت کە ئیشتان بە گەنجان و خوێندکارانە، ئیتر لەمە بترازێت ئێوە ئەم دیالۆگە ئەنجام نادەن، باشە پێتان وایە ئەگەر ئەم گەنج و خوێندکارانە هاوڵاتی ئەم وڵاتەن و دڵسۆزی ئێوەن، ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم قەزیانەدا ئەکەن؟ بۆچی ئێوە بەرەو پیریان ناچن؟ بۆ لە شێوەیەکی تەندروستدا مامەڵەیان لەگەڵدا ناکەن؟**

مەلا بەختیار: من لە ڕێگەی تۆوە ئامادەیی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و خۆم دەرئەبڕم لەهەر ڕێیەك ئەم گەنجانە کێشەیەکیان هەیە بابێن قسە بکەن من وەعدیان ئەدەمێ وەکو پارێزەرێکی ئەوان، لەسەر مافە سروشتی و ڕەواکانی ئەوان داکۆکییەکی گەورەبکەم وە خۆشم بچمە پاڵیان بۆئەوەی کە بتوانین مافەکانیان بەدی بێنین، بابێن وەفد تەشکیل کەن، ئەیانەوێ من ببینن ئامادەم، ئەیانەوێت وەزیر ببینن ئامادەین، ئەیانەوێت مەکتەبی سیاسی ببینن ئامادەین، ئەیانەوێت سەرۆکی حکومەت ببینن، ئەوان داخوازیان هەیە، ئێمە دانیشتووین دەسەڵاتین نالێین ئێوە دەسەڵاتن من لە دەسەڵاتیشدانیم من مەسئولی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانم، بەڵام ئەتوانم پردێکبم لە نێوان ئەو ناڕەزاییانە لە نێوانی دەسەڵاتدا بابێن من بەڵێن ئەدەم کە بیانگەیەنینە دەسەڵات، وەجوانترین کەشی گفتوگۆش برەخسێنین بۆیان، وەپاڵ پشتیشیان بین بۆ مافە دیموکراتیە ڕەواکانیان، بابێن هەرچیەك ئەڵێن ئێمە ئامادەین.

**لڤین: بەڵام بەبڕوای ئێوە مافە ڕەواکانی دیموکراتی ڕەنگە ئەوەبێت کە تۆ سنورەکانی حزب تێنە پەڕێنیت، بەڵام ئەگەر گەنجان و خوێندکاران کۆمەڵێك داواکاریان هەبێت کە لەگەڵ مەنتقی ئێوەدا یەك نەگرنەوە ئەوکاتە مامەڵەتان لەگەڵ ئەم قەزیەیەدا چۆن ئەبێت؟**

مەلا بەختیار: لە چوارچێوەی یاسا و دەستور و بیر و ڕاکانی دیموکراسیدا با جوت نەیەتەوە لەگەڵ ئایدۆلۆجیەتی حزبەکەی ئێمە، گرنگ ئەوەیە یەك بگرێتەوە لەگەڵ ئامانجە ناوخۆییە دیموکراسییەکانی وڵاتەکەمان، ڕێبازی ئایدۆلۆجی ئێمە بەشێکی پێکهاتە سیاسی و فکریەکانی کۆمەڵی ئێمەیە هەمووی نییە، لە دەرەوەی ئایدۆلۆجیەتی ئێمە لە دەرەوەی بیرکردنەوەی ئێمە بیرکردنەوەی تری دیموکراسی هەیە کە ئێمە دەبێت ئیحترامان هەبێت بۆ ئەو بیرکردنەوە جیاوازانە.